■ چیرۆك ■

خۆرکەوتن

محمد فريق حسن

بیرەوەری ئەم چیرۆکە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە

ئەگەر بەنیازی شار لە ماڵەکانی گڵەزەردە داگەڕای. بەلای باخــە هەنــارێکی گەورەدا ڕەت دەبی کە ڕێـك لە گەرووی دەربەنـدەکـەدا ڕوواوە.. ئیتر دەبێ دەستە ڕاست بگری.. ڕێگەکە بواری سەڵتەزەلام یان تاکەسوار دەدات و لەوەدەچێ بە نوێل و پیك لەو چیا پەردینە تاشرابێ. ئەم ڕێگا تەشوێتاشە، کە خۆیان پلان - ی پێدەڵێن، تا ڕێبوار نەداتەدەست بنارو لە سەراوردەوە نەیکات بە ماڵەکانی ئالیاوادا لە چیاکە جیانابێتەوەو پلەپلەپێدا دێتەخوارەوە.. بەدەستە چەپیشا، دوای ئەوەی باخە هەنــارەکـە کۆتـا[illegible]دێ، دەبێتـە خەرەنـدێکی سامنـاك.. ئەم دەربەندە پەردەی [illegible]ووی بووکی گڵەزەردە لاداوە.. بەهارو هاوین سینەی [illegible] وەك بەیاخەکانی سەر شێخ حەسەن و دایەخاسێ..

بەهــاران دەبێتـە هەزار کانیـان و لەبن هەر تاوێـرێکـەوە پلوسکێ ئاو لەوچیا بەردینە هەڵدەقوڵێ و ڕووەو باوەشی دەربەند سـەری خۆیـان هەڵـدەگـرن و پەلـەیانە هەرچی زووتر بگەنە دیداری تانجەڕۆ..

گڵەزەردە، بەتارای سپی بەفرێوە.. بەباخی هەنارێوە.. بە گوێژی گڤنەسـەرو کۆرپە دەوەنەکانێوە، تازە بووکێکە، لە دوورەوە دووگمەی سینەی بۆ دەست و پەنجەی بزێوی کوڕی سلێمانی ترازاندووە.

هەر لەماڵەکان داگەڕای ئیتر تەق تەقە.. بەردی لووس و سواوو زەقە.. بەفر چاڵ وچۆڵی نێوانیانی بنکەشی کردووە.

جوامێر، کەوتۆتە پێش مایەکوێت و شل شل جڵەوی گرتووە. جاران لە هەردوو بەری دەربەنـدەکـەوە گوێی لە دەنگـدانەوەی ناڵەکانێوە دەبوو، کەچی ئەمڕۆ کەمتر هەستی پێدەکات.

ئەگـەرچی سەرکـەوتن بە پلانی گڵەزەردەدا ڕێبوار پڕووکێنە.. بەلام دابەزین زۆر ناخایێنێ. ئەوەندە هەیە دەبێ ئاگاداری بەرپێی خۆی بێ نەبـادا بترازێ.. ڕۆژگاری وەها مەترسیی خلیسکان و هەڵـدێـرانیش لە وڵاخ دەکـرێ.. لەو شوێنـەدا کە بۆ یەکـەم پلە شۆڕدەبێتەوەو سەربانی بە باگردێن و دووکەڵی ماڵەکانی ئالیاوات لێ ئاشکرا دەبێ، ئەگەر ئاوڕێك بدەیتەوە، پایەی ئەستوور ئەستووری وەك مەرمەڕ هەڵچوو دەبینیو دەم ودەســت موچوڕکێکی سارد بەلەشتا تێـدەپەڕێ!.. ئەم پایـانە کێلە سەهۆڵن، هیچ کارخانەیەك قاڵبی وەهـای بۆدەرنـایـە.. وەك پەیکـەری سـەربـە قوتـابخـانە نوێکانی هەڵکـۆڵـین، شێوەی جیا جیایان لێنەخشاوە!. ئەمانە لە ئاوەڕۆی ئاوایی دروست دەبن، کاتێ بۆ دەربەندو خەرەندەکە شۆڕدەبێتەوە.. بە شەوبـای چلە دەیبەستێو دەنیشێتـە سەریـەك.. سەرەتا شیشە سەهـۆڵی باریکن وەك چلوورەی گوێسـوانـان.. تازستـان بچێتـە پێشـەوە، ئاویان زیاتر دەچێتە سەرو ئەستوورتر دەبن.. کەزستان پیربوو، هێزو هەرەکەتی لێبڕا.. زەویش گەرمیی تێگەڕا، ئەوجا

لەسەرو بنەوە تاشە سەهۆڵی زەبەلاح لەزەوی جودادەبنەوەو دەترازێن. . رووەو خەرەند هەرەس دێنن، تل دەخۆن و پارچەیان لێدەبێتەوە. . کە دەگەنە ئاستی ئاڵیاوا بەتەواوی وردوخاش و پەراش پەراش دەبن. . وەك دانەی تەرزەیان لێدێ! . ئەو رۆژەی سەهۆڵەکە دەشکێ لە گڵەزەردە یەکەم رۆژی بەهارە.

جوامێر، گەیشتە دواپلەی گڵەزەردە. . لێرەدا رێگاکە کەمێك پان دەبێو وردە وردە لەگەڵ زەوی تەخت دەبێ. . لغاوی هە ڵدایە سەر قەڵپووزی زینەکەو پێی لەسەر ئاوزەنگی دانا. .

لە ناوەراستی پاییزەوە تا دەگاتە بەهار. . گەلێ جاران تەمێکی چڕ لە بناری شارەزوورەوە بە باڵای دامازەڵەو گڵەزەردەدا هەڵدەزنێ ئەم تەمەچڕە لە ناوقەدی چیاوە تالوتکە دادەپۆشێ. . رێدەکەوی بۆ چەند رۆژێك بەری روانین لەو گوندانە بگرێ ئەمجا برەوێتەوە. خۆ ئەگەر رۆژێکی روون بوو ئەوا سلێمانی لەبەردەمی گڵەزەردەدا راکشاوە. .

هەموو بەیانی‌یەك تەمێك، شینی کاڵ، تێکەڵ بە دووکەڵ، تەنك وەك برنجۆك لەسەر سلێمانی کەپرۆکە دەبەستێ. . ئەم تەمە شینە مەگەر لە شوێنە روانگەو بەرزەکانەوە ئەگینا خەڵکی سلێمانی خۆشیان هەستی پێناکەن! . . ئەم تەمە شین باوە تا خۆری چێشتەنگاوی بەرنەکەوێ پەرت نابێ. . رەنگە ئاهو هەناسەی خەڵکی بێو نەگاتە تەختی پەرومردگار، بۆیە بۆ سبەینێ بەیانی هەمدیس بەرزدەبێتەوە. .

لە ئاڵیاوا رەت بوو. . ئاڵیاوا وەك ژێرماڵەی گڵەزەردە بێ، کزکز لەژێر باڵیا دەواری هەڵداوە. . خەرەندی گڵەزەردەو کۆرپە دەوەنەکانی کە هەرگیز نابن بەدار ئاڵیاوایان لە ئامێز گرتووە.

لە ئاڵیاواوە راست رووەو تانجەرۆ شۆربۆوە. ئەم زەوی‌یە نێرگزەجارەو بەهاران بە هەزاران چاو بەقەدو باڵای دارمازەڵەو شەپۆلانی تانجەرۆدا دەروانێ.

«ناچمەوە بۆ رێی داراغا. . تانجەرۆ زۆریش هاتبێ هێشتا لە مایندە کوێت ناترسم. . قەدبر نزیکترە. .» ئەمە ی لەبەر خۆیەوە وت. . لغاوی ماڵی بەلاملی مایندەکوێت داو دەستی شل کرد. . یەکدوو پاژنەیشی لە تەنگەیدا. . مایندە کوێت لە خواستی خاوەنەکەی گەیشت. . هەڵیدایە غارو بەسمەکانی زەوی‌ی چاڵ دەکرد. . هەستی‌کرد بەفرەکەی پادەشت وەك هی قەدپاڵی دارمازەڵە نی‌یە. . لەبنەوە روو لە توانەوەیە. . ئەگەرچی لە گڵەزەردە سروەی با نایەت، بەڵام تاکو لە سلێمانی نزیك بێتەوە زیاتر هەست بەکزەی باکە دەکەی. بەتایبەت کاتێ دەیدات لەگوێو لووت و دەستی جڵەوەکە. .

جوامێر، لە لێواری تانجەرۆ نزیك بۆوە. بەفری لێوار مابۆوە توێژاڵێکی تەنك. . چاکی کەواکەی کۆکردەوەو کردی بەژێر پشتوێنەکەیدا. . دەرپێ سپی‌یەکەی تا کلاوەی ئەژنۆ هەڵکرد. .

خۆی لەسەر زینەکە قیت کردەوەو لاقەکانی هەڵنان. . . دەنگی لە مایندە کوێت کرد. . مایندە کوێت چەند جارێ دەستەکانی خستەناو ئاوەکەوەو گەرایەوە. . پرمەپرمێکی لێوە دەهات و سەری رادەوەشاند. . تانجەرۆی لێل بەخورەو شەپۆلەکانیەوە وەك مرۆڤێکی رووگرژ دەردەکەوت. .

کەمتر سوار لەو جێ‌یەوە لەتانجەرۆ بدات. . بەڵام جوامێر یەکەم جارە شێخ بیکاتە قاسیدی خۆی. . بۆیە نەیکرد لە ئاستی داراغاوە، لە بوارەوە بپەڕێتەوە. . ویستی قەدبر بگاتە شار.

ئاوە ساردو لێڵەکە دەیدا لەدەستی مایندەکوێت و پاشەوپاش دەگەرایەوە. . لۆزی هەڵدەبری‌و کلکی دەکردەوە بەناو گەڵیا. . رووی لە ئاسمان دەکردو دەیپرماند. . جوامێر پاژنەی لە تەنگەی توندکردو دەنگی لێکرد. . رووی بۆ تانجەرۆ وەرگێڕایەوە.

لە ئاوەکەدا، هەستی بەتورتی ماسولکەکانی تەنگەو مل و کەفەڵێ دەکرد. . دوای‌چەند هەنگاوێك راهات. . ماین هەرکە ئاو ژێرشکی تەرکرد ئیتر بەلایەوە دەبێتە کارێکی ئاسایی‌و سامی دەشکێ. . ملی‌کردبوو بەرم. . پەلی دەکوتا. . لووتی دەکرایەوە لەگەڵ شڵپ و هورو شەپۆلانی ئاوەکەشدا هێشتا هەرگوێت لە پرمەو هەناسە برکێی دەبوو. . کلکیشی وەك مار بەسەر ئاوەکەوە مەلەی دەکرد. . شڵپ و هوری مایندەکوێت لە تانجەرۆدا رەزم و ترپەی تایبەتی خۆی هەبوو. . پرژەی ئاو دەگەرایەوەو رووی جوامێری ئاوپرژێن دەکرد. سەری بۆ ئاسۆ بەرزکردەوە. چەن پەڵەهەورێکی وێڵ هێشتا بە ئاسمانەوە بوون. بەڵام دوای تاوێکی دی کەس نازانێ رەشەبا بۆ کوێیان دەفرێنێو چۆنیان دەپێچێتەوە. . کە سەرنجی لە رۆژئاوا دا. لەبەرخۆیەوە وتی: «هەر ئەحمەد بەگ لە شار بێ ئیتر کاری من زوو مەیسەر دەبێ. . هێشتا خۆر بەرزە. . رەنگە شێو بەرمەوە گڵەزەردە. . بەڵکو شیعری نوێشی هەبێ. . شیعرەکانی ئەحمەد بەگ دەکرێتەوە. .»

لە تاوی غاردا وای بەدڵدا هات فەقیانەی بیتە چەپی کە دەستی جڵەوەکەیە توندبکات و هی‌دەستە راستیل بەربداتەوە. . لەگەڵ تاوی غاردا مایندە کوێت وەك کامێرایەکی سینەما بێ لەسەرخۆ شاری سلێمانی‌ی دەهێنایە پێشەوە. . دووکەڵی زۆپا لە ماڵەکانی قەرەتۆغانەوە سەری دەکرد، کلافەی دووکەڵ هەر لە لوولەی زۆپا دەترازا با ـ کە رووەو تانجەرۆ دەیفراند. . دوای چەند گوریسێك پەرش و بڵاودەبۆوە. .

ولاخی بەرزە هەواو فیز بەسوار دەدات. . وەك ئەو بوغرایی‌یەی هەڵگرتنی چەك و لە خۆدانی رەزنە فیشەك دەیدات بەمرۆڤی جەنگاوەر. . هەندێ جاران خەیاڵاتی لەو جۆرە بەسوار دەبەخشێ کەمەی بۆ مەستی دێنێ. . سوار، بەتایبەت لەتاوی غاردا هەست

بەگەورەیی‌و جۆرە بایی‌بوونێك دەكات كە پێشتر لە كەللەی نەداوە..
جوامێر یەكسەڵەف ڕووەو سلێمانی دەیكوتا..

لە هێكـرا كۆمـەڵێ چادری خاكی وەك قارچـك لەبـەردەمیا هەڵتۆقـین. سڵەمی‌یـەوە.. بەڵام ماینەكـوێت یەكێین ملی دەناو لەوەدەچوو ئەودەقەی گرتوویەتی تاخۆی بە شاردا نەكات نەیگۆڕێ. ڕێگاكەیش ڕێك بەبەردەم سەربازگەكەدا ڕەت دەبوو..

دوو سەربـاز بەڕاكـردن هاتنـە چەقی ڕێگـەو ڕاست و چەپیان لێ‌گرت و ڕووی تفەنگیان تێكرد! جڵەوی ماینەكوێتی بۆلای خۆی هێنـاو لەبـەردەمیـانا وەك مێخ چەقی.. سەبارزەكان تێیان گەیاند كەدەبێ دابەزێ.. بەرەوڕوو بوونەوەی ئەم سەربازگەیە وەك كارێكی كوتوپڕ جوامێری تووشی نیگكرانی كردو لە دنیایەكەوە گواستێوە بۆ دنیایەكی دیكە..

سەربازێكیان بە جوولەی تفەنگە نێزەدارەكەی كە بەقەدەر خۆی درێـژبـوو جێـگای بۆ دەروازەی خێـوە تگـاكە كردو ئەوی دیكەیان جڵەوی ماینـەكـەی لێگـرت و بەلایـەكی دیكـەدا بردی. بەدەم سڵەمینـەوەو شاخ كردنـەوە حیلەیەكی كردو بەناچاری دوای كابرای سەرباز كەوت.

* * *

- پشكنیـیان!.. هیچی وەهـای پێنـەبـوو جێی گومـان بێ..!
سەربـازەكـە هەر ئەمەندەی وت كاتێ كردی بەژووری ئەفسەرداو دوای سڵاوێـك شوێنـەكـەی جێهێشت.. كابـرای ئەفسـەر ڕاست بۆوە.. خوودەیەكی خاكی.. كۆمەڵێ نیشانەی سەوزو سوور سەرسینگی نەخشـانـدبـوو.. قایشی بە بریق وباق لەسەر كەمەرو سینگ و شانەكانی بە شێوەیەكی تەرازوو لەنگەریان گرتبوو.. موو زەرد.. سوورو سپی، ڕەنـگ منـاڵ.. چاوە شینـەكانی وەك هی پشیلەی ناو تاریكەشەو دەبریسكانەوە.. ڕەنگی لە كچە بەگزادەیەك دەچوو تاكو پیاو.. پا..تەكەی لەسەر مێزەكەی بەردەمی هەڵگرت و بۆ جوامێری درێژكرد..
- فەرموو جگەرەی ئینگلیزی..!

جوامـێر، بێئەوەی هیچ بڵێ، دوو سێ جار دەستی بە سـینگی خۆی‌داداو كابـرای ئەفسـەریش لێی ڕامـابـوو.. وەك بیـەوێ لە ڕەنگ و ڕوخسـاری‌یەوە شتێك بخوێنێتەوە.. لەسەر كورسی‌یەكەی دانیشت و جگـەرەیـەكی ئاگـردا.. جوامـێر فەقیـانەكەی بەستەوە، كەواكـەی جووت كرد.. پشتـوێنـەكـەی تونـدكـردەوەو دەستی بە سەلتـەكـەیدا هێنا.. هەرچۆنێك بوو خۆی بۆ پرس و چاووڕاوی كابرای ئەفسەر كۆكردەوە.. ئەفسـەرەكە مژێ دووكەڵی بەباداو پرسی:
- ناو؟
- جوامێری حەمە صالح.
- تەمەن؟
- بیست و چوار.
- لە كوێوە؟
- لە گڵەزەردەوە.
- بۆ كوێ؟
- سلێمانی.
- كاروپیشەت؟
- دارفرۆش.
- یان ئاغا؟!
- گڵەزەردە ئاغای نی‌یە!
- ئەی ماینەكەت؟
- لەكۆنەوە وڵاخی بەرزە ڕادەگرین.
- یان هی شێخە؟!
- نەء هی خۆمە.
- ژنت هێناوە؟
- بەڵێ.
- چەند مناڵت هەیە؟
- هیچ.
- هەرچـەنــدە جێگـەی فیشـەكـدان و قایش و قووروش بەكـەواو سەڵتەكەتەوە دیارنی‌یە.. بەڵام بە چەتەی شێخت تێدەگەم؟!
- نەء، دار بڕم.
- ئادەی ناولەپت؟
- ئەوە ناولەپم فەرموو.
- ڕاستە داربڕی.. كورد كەمتر درۆدەكەن!
- وایە.
- كەواتە ڕاستیم پێبڵێ.. تەنیا ڕاستی ڕزگارت دەكات؟.
- ڕاستیم پێوتی.
- بۆ وابەپەلە بۆشار؟
- شەكرو چاو تفاقمان هاتۆتە كزی.. دەچم كەل وپەل بكڕم.
- دەزانم گشتی چەتەكانی خولە خواردیان؟!
- نانا..؟ شێخ مەحموود.. شێخ مەحموودی شێخ سەعید!
- ئاوا..؟ خۆشت دەوێ، وانی‌یە؟!
- لای خەڵكی زاتێكی گەورەیە!
- ئێمـەی ئینگلیـز، ماف خۆشـەویـستی‌و ڕێـزگـرتن لەكەس زەوت ناكەین.. بیرم كەوتەوە.. تۆ خوێندەواری؟
- بەڵێ.

لەسـەرو سیـمای ڕامایەوە، دوای قەدەرێ بێدەنگی لەپڕ دەستی بەپرس كردەوە:

- کێ دەڵێ کاتبی شێخ نیت؟!
- نەخێر.. پێشتر سەیری دەستت کردم!
- بەڵام گومانت لێدەکەم!
- لە چ ڕوویەکەوە؟
- کەسێ ڕیزی شێخ مەحموود بگرێ، ئەوا ئامادەیشە چی پێوت بەقسەی بکات. بۆ نموونە ئەگەر داوای لێکردی تفەنگی بۆ هەڵگری ئەوا بەدەنگیوە دەچی؟!
- بەڵام من تفەنگم هەڵنەگرتووە.
- بۆ؟
- چونکە پێویستی بەمن نییەو تفەنگچی زۆری لەگەڵە.
- ئاوا..؟ کەوابوو ئەگەر پێویستی پێت بوو ئەوا چەکی بۆ هەڵدەگری. تەقەیش لە بەریتانیای کەورە دەکەی!. ئەوەش بزانە ئاڵای بەریتانیا بەسەر سێچارەکی گۆی زەوییەوە دەشەکێتەوە. بەم زووانە لەسەر لوتکەکانی سەگرمەیش هەڵدەکرێ.
- ڕێم بدە بڕۆم.. من بابایەکی ڕێبوارو ڕەوتەنیم.
- دەزانم زۆرت پەلەیە! بەپێی هەواڵی گەیشتوو شێخ لەناوچەی قەرەداغە.. کێ دەڵێ قاسیدی ئەونیت..؟ چی ڕاسپاردووی پێم بڵێ.. ڕزگاری لەڕاستگۆییدایە.
- هیچم نییە بیڵێم.

کابرای ئەفسەر پێڵەقەیەکی لە زەوی دا.. جغارەکەی لە تەپڵەکی سەرمێزەکەدا ساردکردەوە. پەنجەی بۆ درێژ کرد، وەختەبوو بچێ بەچاویا. چاوەکانیشی زەق کرابوونەوە، نیشانەی تووڕەبوونێکی بێئەندازەیان پێوە دیاربوو.. تا چەن هەناسەیەك لەو دەقەدا وەستاو ئەمجا نەڕاندی:
- تۆ درۆزنی!
-جوامێر بە بێزارییەوە سەری داخست.. لێوی خۆی کرۆشت.. ئەمجا بەکزییەوە وتی:- بەڵام چیتان لێپرسیم وەڵامم دانەوە.

ئەفسەرەکە لەگوماندا بوو. دەستێکی بەزەنگی سەر مێزەکەدا دا. پاسەوانێك خۆی بە ژووردا کردو سڵاوێکی سەربازی داکوتا.. کابرای ئەفسەر بە گوێیدا چپاندو جوامێری بەرەوڕوو کردەوە..

* * *

- بۆ کوێم دەبەی؟!
- ...
- ئازادم دەکەن؟!
- ...

بەگومانەوە چاوی دەگێرا.. «بەڵام بۆناو کەمپەکەم دەبات.» ئەمەی لەبەر خۆیەوە گوت و بەناچاری پێشی کەوت.
- کورد ئازان.. ئەوە دەترسی شێرەکوڕ؟! ئێستا خۆت لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێدا دەبینی!
- تاقیکردنەوەی چۆن؟
- پەلەت نەبێ.. کاری بەپەلە پەشیمانی بەدوای خۆیدا دێنێ.. ئاهەهـ.. ئێرە باشە!

جوامێر سەرنجی دەدا چوار کەنـاری تاقیبکاتـەوە.. سەیری هەڵس وکەوتی سەربازەکەی دەکردو لەبەرخۆیەوە دەدوا: «تۆ بڵێی تیرەبارانم کەن؟!. جاچیم کردووە هەتا تیرەبارانم کەن؟! خۆ هیچی خراپیشم نەوت! بەڵام ئینگلیزن هەموو شتێکیان لێ دەوەشێتەوە!.. نازانم!» لەم کاتەدا کە جوامێر سێو دووی دڵی خۆی دەکرد، واشە چۆن جووجەڵـە دەفڕێنێ، کابرای سەرباز ئاوها پری بە کڵاوو مشکییـەکـەیدا کرد. لەسـەری دامـاڵی و یەك دوو هەنگـاو لێی دوورکەوتەوە!. بە دەنگێکی گڕەوە پێی وت:
- ئامادەبە سەڵتەکەت داکەنە!

جوامێر دەستی بۆ سەرە ڕووت و قووتەکەی بردو لەگەڵیا هەستی بە بێکەسی کرد.
- بۆچی دایکەنم؟

تفەنگەکەی لەسەردڵی نزیك کردەوەو تێیخوڕی:
- پرسیـار قەدەغـەیـە.. ئەمانە فەرمانن.. من جێبەجێ کردنیانم لەسەرە.. پشتوێن.. زۆر چاکە.. کەواکەشت!.. تەنیا دەرپێو کەوشەکانت لەبەردا دەهێڵمەوە.
- من بێتاوانم.. نەختێ غیرەتت بێ، چاوت لێنییە بەفر لەسەر زەوی کەوتـووەو ڕەشـەبـا دەلـوورێنێ؟!.. ئای ئەوە کەلەبچەشم دەکەی؟!.. خۆ ویژدانی نییە!..
- بێدەنگە.. بوڵـە بوڵ مەکە.. من سەربازم.. لە پێشا ئەرکی سەرشان ئەمجا مەسەلەی ویژدان دێتە پێشـەوە!.
- کاکە گیان سڵاوی خوات لێبێ!
- سڵاوی خوا لەتۆیش بێ.

- ڕحمەت لەباوکت.. دەمەوێ تێم گەیێنی لێم دەوێ و نیازی چیتان پێم هەیە؟
- ماوتە.. دەبێ کەلەبچەت بکەم و بەم زنجیرەش بتبەستمەوە!

* * *

«بڕوانە.. پاڵتۆیەکی ئەستوور.. دەسکێش.. کڵێتەشی لەسەر ناوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کرژبـووەو دانەچوقێیەتی!.» جوامێر، ئەم قسـانـەی لەبـەرخـۆیەوە دەکردو مەبەستی لەو سەربازە بوو کە لە بەرامبەرییەوە خۆی خزاندبووە قووخێکی لەوحەوە، کە تایبەت بۆ ئێشکگرتن و پاسەوانی دروست کرابوو.

تا چاو بڕکات ئاسمان هەوری پێوە نەبوو.. گفەی (با) نەبێ کە لەگوێـژەوە هەڵدەکرد دەنگێکی دیکـە نەدەهات.. ئەوەندە نەبێ

جاروبار تەنەکەو تەختەی دەدا بەسەریەکاو تەق وهوری لێ هەڵدەساندن

سەرنجی خۆی دا سینگێکی تووکن. کۆڵەی سینگی لە چاڵیداو مەمکەکانی ئاشکرا.. ناوقەدی باریك و بە قووڵاچوو.. پەراسووەکانی زەق. سەرشانەکانی خڕو توند. ماسولکەکانی بەوشی باڵی ئەستوورو دامەزراوو تورت. باسکی توندو تۆڵ و مەچەکی ئەستوور. پەنجەکانی خڕو ناولەپی زبرو تۆکمە. ئەمە هەڵکەوتنی لەشی هەموو داربڕێکە. لەکاتی تەورو تەوراس هەڵسووڕاندن و باربارکردنا خۆشەدەبێ و دەرسکێ.

لەلارتی بەرەوخوار، ئاوداماں، دەرپێیەکی خامی فەیلەو بۆر تاکو گوزینگ و رەنەڵەی قاچی داپۆشیوە. گۆرەویی بەن دەستچنی کچە دەسڕەنگینێکی شار. بە سەلیقەی خۆی بە نەخشی رەنگاورەنگ رازاندوویەتیەوە. پێکانی لەناو کەوشدا، ئەویش دەسکاری سلێمانی.

دانەویەوە. دەرەلینگەکانی نەختێ بۆ خوارتر داخستن، بایەڵدان و کردنی بە گۆرەوییەکان دا.. قیت بۆوە. بەنەخوێنەکەی ترازاندو توندتری کرد. رانەکانی نووساندن بەیەکەوە. بەڵام پشت و سینگی شپرزەی کردبوو.. سەرنجی بۆ دوور رەوانەکرد، هەرچەندە خۆر ئاوابوو بەڵام بەری گڵەزەردە بەباشی دەبینرا. چیاکە خاڵ خاڵ بوو.. بە لای رۆژهەڵاتیشدا وەرچەرخا. گوێژە دوگردی سپی بەسەرخۆیدا دابوو. جێ نەجێ هەندێ لاپاڵ پارن بیوون... دەشت و گردۆڵکەکانی دەورو بەریشی وەکو لۆکەیان لەسەر هەلاجی کرابێ.. کۆمەڵێ چادر بەدەوروبا هەڵیانداوە.. چەند هەنگاوێکیش لە سەراوردی خۆیەوە پاسەوانەکە بە تفەنگێکەوە یەك بەقەد باڵای خۆی لەشوێنی تایبەتی پاسەوانی راوەستاوە.. وەکو هەر لەوێدا لە دایك بووبێ. لە دەلاقەکانیوە بە هەموو لایەکدا دەڕوانیێ و بەردەمیشی ئاوەڵایە..

جوامێر تووکی... سینگی راست دەبوونەوە. پێستی ببووە قنچکەی وردو رەنگی ... بن هەڵگەرابوو.. لەوەدەچوو تاپۆکەی بێتەوە یەك و جێی ئێسك و پروسکی تیانەبێتەوە.. لەوەدایە لووت و گوێی سڕ بین و هەست بەبوونیان نەکات.. سەری پەنجەکانیشی وەك خوێنیان نەگاتێ وەهابوو.. پەنجەکانی دەنووقاندن و دەیکردنەوە.. بەچەپ هی راست و بەراست هی چەپی دەگوشی.. نەیدەزانی چۆن بەرەورووی ئەم شەوە کفن پۆشە ببێتەوە.؟! دەستێکی بەتەوقی سەرو روویدا هێنا.. رەگەکانی ملی لەوەدایە ڕەق بین. هەڵدەلەرزی و دانەچوقەی بوو.. لەبەر خۆیەوە وتی:

«سەرما، یان لەپێوە یان لەسەرەوە کاری خۆی دەکات!.. پێکانم بەلایان لێ نییە. بەڵام سەرم لەوەدایە بتەزێ.» پێچێکی تەواوی کردەوەو بەرەورووی پاسەوانەکە بۆوە گوێی لە دەنگی بەفرەکە بوو کاتێ لەژێر کەوشەکانیدا دەپەستڕایەوە.. بەزمانێك تێکەڵ لە بێزاری و لالاندنەوە پرسی:

- پێم بڵێ.. بۆ وام لێ دەکەن؟. نیازی چیتان بە من هەیە.؟

- دانی پێدا بنێ کەتفەنگچی شێخی.. یان ئێلچی ئەوی؟!

- ئەی ئەگەر دانم پێدا نەنا؟.. یان ئەگەر هیچ کامیان نەبووم؟

- بەڵام ئینگلیز بەهەڵەدا ناچێ. ئەگەر دانیشت پێدا نەنا ئەوا تابەیانی ئێرە جێت دەبێ.. تاخۆر هەڵدێ!

- تا خۆر هەڵدێ؟ جاخۆ سەعاتێکی دیکە نابات رەق دەبمەوە.!

- جار بە جەهەنەم!. جا رەق بوونەوەی تۆ، چ زیانێك بە بەریتانیای گەورە دەگەیەنێ؟

- بەڵام وەها مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دا ناکرێ!

- بۆ؟.. خوانەخواستە زللەیەکیان لێداوی؟ قسەیەکی کاڵیان پێوتووی؟.. مەسەلەکەیش تەنیا پەیوەندیی بەخۆتەوە هەیە، تەنیا خۆت.

- چۆن تەنیا پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە؟!.. من واخەریکە رەق دەبمەوە. سەرماکە کاری لە مێشکم کردووە ناهێڵێ بەباشی بیربکەمەوە!

- ئاسانە.. چیت لەژێر سەردایە بیدرکێنە.. وەك جەنابی ئەفسەر فەرمووی - راستگۆیی رێگای رزگارییە.

- ئەی ئەگەر هیچم لەژێر سەردا نەبوو؟

- ئەوا سبەینێ ئازادی..

- بەڵام ناگاتە سبەینێ رەق دەبمەوە.. نابینی بەفر دەشت و دەری داپۆشیوە؟.. نابیستی رەشەبا بەسەریا هەڵیکردووە؟. ئەگەر ئاوها بەرووتی بمێنمەوە یەك سەعاتی دیکە نابات کەسیرە دەکەوم و دەبم بە پەلاس! رەق دەبم!! بۆ تێم ناگەی؟!

- بەڵام ئینگلیز سیاسەت مەدارەو بەهەڵە کەس رەق ناکاتەوە.. ئینگلیز هەڵەشە نییە.. باکی لەرەشەباو بەفر نییە.

- دەباشە جل وبەرگەکەم بدەوە باخۆم پۆشتەکەمەوە.. تۆ سەیری خۆت کردووە چەندت لەبەردایە؟!

- لەسەری مەرۆ، یان رەق بوونەوە یاخود دان پیانان.

* * *

پاسەوانی دووەم هێشتا چاوی بە خەوەوە بوو، کە گەیشتە شوێنی ئێشك گرتن.. چەند جارێك تفەنگەکەی لە شانییەوە گوێزاوەوە بۆ ئاستی لووتی و دیسانەوە بۆ سەرشان.. چەند هەنگاوێ بە رۆیشتنی سەربازی بە بەردەم شوێنەکەدا هاتوچوو.. ئەم مەشقەی لەبەر ئەوەبوو تاکو بە تەواوی وریابێتەوە.. لەپڕ رووی بۆلای جوامێر وەرچەرخاندو وشك وەستا.

- ئێوارەت باش.. ئەمشەو میوانێکی ئازیزمان هەیە!.
- ئابەخوا چاك ڕێزی میوان دەگرن!
- کەس هێندەی ئێمە ڕێزی میوانی لانییە!!
- جا چیماوە لەگەڵم بکەن؟. ڕێزگرتن هەروەها دەبێ!.
- تۆ هەڵەی برادەر!.. مەبەستم لە ئێمە میللەتی قوبروسە.. دورگەی ڤینۆس.. کە گەرمامەوە، بە خاوخێزانەوە سەرمان لێبدە. جا ئەوسا بەخشندەیی‌و میوان پەروەری خەڵکی قوبروستان بۆ ئاشکرا دەبێ.. وەرە ماڵی برا بچووکت.. لە خزمەتام.
- بەڵام ئەمشەو ڕەق دەبمەوە.. فەرموو ئێستا بەخشندەیی خوت بنوێنە.. ئەو پاڵتۆیەی خۆتم بدەرێ.. یاخو بەتانییەك، هەر سیپالێك دەتوانی بۆمی پەیداکە.
- کێشەکە لێرەدایە کە لێك ناگەین!. تۆ ئێستا میوانی من نیت.. تۆ میوانی بەریتانیای گەورەی.. بەڵام لەسەر خاکی خوت!
- زانییان بەریتانیای گەورە چەند ڕێزی میوانی لایە!.. بەڵام تەنیا تۆ شك دەبەم لێرە.. ئەوەتا بەدیار چاوتەوە ڕەق دەبمەوە!
- نانا.. تۆ کوڕی ناو بەفری.. تۆ کوێستانیت!
- ئەوە تانەم لێدەدەی؟.. قەیناکا بەردی خوت بومشێنە.. ئەوەی باڵادەست بێدەنگی دلێرە!

«تۆ کوڕی ناو بەفری.. تۆ کوێستانیت.» ئەم قسانەی لەبیری خۆیدا هێناو برد.. هاتەوە هۆش خۆی.. «ڕاستەکات من کوڕی ناو بەفرم.. سەرنجی گڵەزەردە بدە.. شێخ حەسەن و دایەخاسێ کەیلی بەفرن.. بڕوانە بەوزان.. کلاوگورگە.. تابەهار بەفریان ناچێتەوە.. کەچی منیش لەرزم لێهاتووە.. باڵندەی ناو بەفر لەهەموو باڵندەیەك توندو تۆڵترن.. ڕاستەکات منیش مرۆڤی ناوبەفرم کە زۆر لەهی بیابان گورج و گۆڵترە.. ئەمانە گەرەکیانە بەپشتوێنەکەی خۆم هەڵمواسن.. هەرچۆنێ بێت پێویست بە کرووزانەوە ناکات..»

بیری گڵەزەردەی کەوتەوە.. ڕووی تێکرد.. لێی وردبوەوە. وردبوونەوەیەك تێکەڵ بە خەیاڵ.. لەکەلەشێنەوە بۆ دارەبەنە گەورەکەی پشت ئاوایی.. تاشە بەردە زەبەللاحەکەی کە لەوەتی بیری کردۆتەوە بەتەمایە هائێستا هاتاوێکی دی بەسەر دێدا هەرەس بێنێ، کەچی نووکە دەرزییەك لەجێی خۆی نەجوولاوە.. داربەڕووەکانی سەر شێخ حەسەن کە تائێستاش بەڕوو لەژێر گەڵا وەریوەکانیاندا کەوتووە.. ڕۆیشتنی سەر گەڵای وەریوی داربەڕوو.. لق وپۆپی قرچۆکی دارەکان.. کە لەهەرکەسێ دەپرسی نازانێ تەمەنیان چەندە. بازبازێنی سمۆرە لەم لقەوە بۆ ئەولق.. مزگەوت و کوڵەکە بە تەپڵەکەکانی.. کۆکەرەشە.. قورئانە ڕەشەکە.. ڕێگای پێچاو پێچی کانی.. لەبەر خۆیەوە کەوتە مرتاندن:

«لەوە دەچێ ئەمشەو گڵەزەردە لەشار نزیك بووبێتەوە.. ئەو لوکسەی لای خواروو ماڵی خۆمانە.. ئێستا ئاگری دار بەڕوو نێلەنێل دەسووتێ.. وای بۆدەچم ـ نەخشین ـ بە ئاگابێ‌و چاوەڕوانم بێ.. چاوێکی لای پلانە ها ئێستا ها تاوێکی دی سەرکەوممەوە.. پلان پەیژەیەکی ئەفسووناوییە بنی لە ئاڵیاواو سەری ئەوەتا لە گڵەزەردە.. جارجارە لقەدارێکیش دەکات بە زۆپاکەدا.. ئێستا وەك دەنووکی کەو سووربوتەوە.. لێرەوە هەستی پێدەکەم.. لێفە دووکەسییەکەی واڵاکردوتەوە.. سەرینێکی گەورەی پەڕیش. ڕەنگە شانی دادابێتە سەرو لە خەیاڵەوە چووبێ.. دەزانم هێشتا شێوی نەکردووە گوێی لە حەپەی سەگێ.. یان هەردەنگێ بێ هێمنی شەو بشڵەقێنێ، ئەو ڕادەپەڕێ‌و دەرگاکە دەقلیشێنێتەوە، بەمنی دەزانێ.. لەوێ ورنگە نایەت و ڕەشەبا بڕی ئەوێ ناکات.. وا نیوەشەوەو ئەو بەهیوایە پێکەوە شێو بکەین.. ئەی ئەو ڕووناکییەی لای سەراورد؟ ئەوەیان ئاگری شێخی گەورەیە!.. دیارە هێشتا بێدارە.. دوێنێ کە لەگەڵ دەستەیەك سواردا لەکۆکەرەشەوە خۆیان کرد بە ئاواییدا، ئەوی لەدێدا بوو بەرەو پیریان چوو.. (شێخ عەورەزا) پەلاماری دا دەستی ماچ کات، کەچی شێخ دەستی کێشایەوەو پێی وت:
- نەء ڕەزا.. دەبێ من دەستی تۆماچ کەم.. چونکە تۆ کاسبی بەودەستانە دەکەی. دەستەکانی تۆ پیرۆزن!.

هەست بە گەرمی دەکەم کاتێ لەنزیك شێخەوە بم.. کە دەچمە خزمەتی وادەزانم هەزاران براو ئامۆزام لەدەورن.. یەکییەکی ئەوان هەندێ شەو تابەیانی لوکسیان دەگرێ.. ئەو ڕووناکییە ناکوژێتەوە.. واخەریکە سینگ‌و باڵ و ڕووم تینی گەرمییان دەگاتێ..»

جوامێر، دەستی بە ڕۆیشتن کرد. تا ئەوەندەی زنجیرەکەی بربکات ڕووەو گڵەزەردە دەچوو.. زرەی زنجیر تێکەڵ بە گڤەی ڕەشەبا دەبوو.. لە چوونا سینگ و ڕووی گەرم دەبوو. لەگەڕانەوەشدا پشتی گەرم ڕادەهات.. و[illegible]بیری ڕەق بوونەوە لە کەللەی باریکرد.. زیاتر دەجووڵا، دەچووە چیچکان، هەڵدەسایەوە، نۆرەی بەلاقەکانی دەکرد.. دەستەکانی لێك دەخشاندن. ئاوێ بەری دەستی، ئاوێ پشتی دەستی‌و خەیاڵ دەیبردەوە ئاوایی:

«ئێستا کوڕی شێخ گەرمە. کوروکاڵ و دەم سپیی ئەو دەڤەرە لەدەوری کۆبوونەتەوە.. ڕەنگە باسی بەرەورووبوونەوەی نوێترین ڕووداویان بۆ بکات.. قۆرییێ چا لەناو کەڵەپشکۆی سووردا دەکوڵێ.. هەڵدەچێ‌و سەرقاپ بەکوڵەوە دەگرێ.. هەڵی کتری سەردەکات و ژوورەکە گەرم ڕاهاتووە.. تەك دەدەنە دواوەو پشت بە

دیوارەوە دەدەن. . ئەلقەی دەوری زۆپاکە گەورەتر دەبێ. . کەلێنێ دەخەنە دەرگاکە. . زۆپاکەیش خەفە دەکەن. . ئەوجا ڕیزێ چا تێدەکەن و دەست بە قسەوباس دەکەنەوە. . دووکەڵی زۆپایش بە بەرزایی پیرە بەوزەکانی چەمی بەوزان بە ئلمساندا دەچێ. . تۆ بڵێی شێخ چاوەڕوانم بێ؟. . ئەو زۆر پەرۆش بوو ئەمشەو وەڵامی جەنابی حەمدی ـ ی پێبگات.»

* * *

شەوگار درەنگی کرد. . ئەم هیچ چاوی لە گۆڕینی پاسەوانەکانەوە نەبوو. . لە چووندا هەردوو تروسکاییەکە بەرەوڕووی دەبوونەوە. . تروسکایی خواروو، هی نەخشین. . نەخشینی تازەبووک. . گری خۆشەویستیی خاوێن. . دڵسۆزیو بەتەنگەوە هاتنی ژیانی هاوسەری. . لای سەراورد ئاگرێکی مەزنتر. . لەوانەیە کوانووی سەردەوەبووی چی بێلانەوبانەی وڵاتی بەفرو بەڕوو هەیە، هەمووی گەرم بکاتەوە. . ببێتە تاوڵێکی گەورەی کوێستانیو سوارەی ڕۆژهەڵات لە سایەیدا کۆببنەوە. . گەڕی شایی، دنیای ڕازاوەی دەبینی. . کە زەینی دەدایە لای کەوانە. . بەچاوی خەیاڵ، دەیهێنایە پێش. . ئاگرێکی هەڵایساوی بە تێلە نێی دەبینی. . ئەم لەودیوو نەخشین لەودیوەوە. . زمانەی گریش بەقەدەر باڵایان هەڵدەکشا. . لەنێوان زمانەی گڕەوە چاویان لێك نەدەترووکان و ئارەزووی یەکیان دەکرد. . وەك عەزرەتی ڕووی یەکیان دەبینی ئاڵ، وێنەی ئەو مانگەی هەندێ جاران لەودیو گوێژەوە، لەژێر پەردەی تەنکی هەورەوە سەرهەڵدێنێ. . هەرچەندیان دەکۆشا دەستیان نەدەگەیشتە یەك و ئومێد براویش نەدەبوون. . لەنێوان ئەو دوو ئاگرەدا گفەی ڕەشەبای سلێمانی کاتێ بەسەر بەفردا هەڵدەکات نەیدەتوانی پشتی لە زەوی بدات. کە ڕووەو گلەزەردە دەچوو هەردوو دەستی بۆ درێژ دەکردو پەنجەکانی شاش ڕادەگرتن، وەك کەسێکی سەرمابردە لەو لەچلەی زستاندا بەدیار ئاگرێکەوە هەڵتروشکابێو بیەوێ زۆرترین تینی گەرمیی لێوەرگرێ. . جوامێر لە گەڕانەوەداو لەپڕ وەك جامێ بەفراویان بەناوشان[illegible]ردبێ، موچوڕکێکی سارد بە پشتیا هات و گرژبوو. لەجێی خۆی وەستاو لە ڕزی لێهات. . دوای قەدەرێك، هەرچەنێك بوو ئاوڕی لە گلەزەردە دایەوە. . ئاگری لای کەوانە کوربووەوە! . «ناهەقی ناگرم، شەوگار درەنگە.» ئەوەندەی وت. ئەکانیداو کەوتەوە جووڵە هەنگاوەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون. . هەرچۆنێ بوو تازنجیرەکە بربکات ڕۆییو بەدەم لەترەوە ڕووی لە گلەزەردە کردەوە. «ئەوە چیتە جوامێر؟! نابینی هێشتا ئاگری شێخ دەگرێ. .» ئەمەی وت و هێزی دایە بەرخۆی. . دەستی بۆ ئاگرەکەی لای سەراورد درێژ کردەوە. .

لوورەی گورگێك، تێکەڵ بە گفەی ڕەشەباکە دەبێ. . شەوگار دەچێتە پێشەوەو حەچ و لوور زیاد دەبێ. . گەلەگورگەو برسێتی پاڵی پێوە ناون بۆ مڵ ومووش، پەلاماردانی ئاغەڵێك، ڕێبوارێکی شەوبەکێوو تەنیابال. . بەدوایا حەپەی سەگێك، وەڵامی لوورە لوورەکە دەداتەوە. . بەدەم هامشۆکردنەوە گوێی لەترپەی هەنگاوەکانی خۆی دەبێ. لەژێر پێیدا دەنگیبەفر کاتێ دەپەسترێتەوە ڕەقتر دێتە گوێی. . بووە بە شەختە سەهۆڵ. . لەگەڵ ترپەی، هەنگاودا سێودووی دڵی خۆی دەکرد:

«ڕەشەباکە ورنگە نادات. . هەتابێو ساردتری دەکات. . پێویستە تاخۆر کەوتن لەگەڕان و جم وجووڵ نەکەوم دەنا وەك تەختە سەهۆڵەکانی ژێر پێم ڕەق دەبم و گیانم لێدەبڕێ. . بە کوڕە کوڕی ماینەکوێتا دیارە بەیان نزیك بۆتەوە. . کاتی ئالیکی هاتووە. . ئێوارەش زۆری کوڕان بەڵام ئالیکیان نەدایە. . ئەگەر ڕۆژم لێبووە دەچمە خزمەت ئەحمەد بەگ. . ڕاسپاردەکەی شێخی پێ دەگەیێنم. باشە ئەوە دنیایە، ئەگەر بە شکستی ئەم خێوەتگایەم بەجێ هێشت؟. نانا. . مردن هەرچۆنێك بێ سروشتییە، بەڵام هەرمس هێنان لە ئەزەلەوە بەباڵای مرۆڤ نەبڕاوە. . ئەمەیان شەرمەزارییی لەدوایە!. وریابە جوامێر. . دیسانەوە گوێم لە لوورەی گەلە گورگەکەیە. . دیارە هیچیان دەست نەکەو تووە. نە ئاژەڵ نە ڕێبواری هەڵتەو شەوبەکێو. . ئەگەر دەستیان بکەوتایە وەها نەیاندەلووران. . ئەوەتا سەگوەڕ وەڵامیان دەداتەوە. . بەڵام من لەو گورگانە برسیترم. . گوێم لە قوڕەی سکمە. . برسێتییە کە بە یەکجاری کۆڵەی کوتاوم و زەیفی لێسەندووم. هەرئەوەم خواردووە کە نیوەڕۆ نەخشین داوێتی پێم. . چەند ئارەزووی ئەو خواردنانە دەکەم کە هەڵیان لێ بەرزدەبێتەوە. . ئەگەر بە شکستی ئێرەم بەجێ هێشت چۆن ڕووم بێ بەرەوڕووی شێخ ببمەوە؟. . هەرکە لەژێر برۆپرو باهەڵدراوەکانیوە سەرنجی دامێ ئیتر لەجێی خۆمەوە دەبمە دڵۆپێ ئاوو دەچم بەناخی زەویدا. . ئەی چۆن ڕووم بێ جارێکی دی بچمەوە خزمەت حەمدی؟. . ئەی بە نەخشین بڵێم چی؟. . هیچ لەوە ناخۆشتر نییە بۆ پیاو، لە بەردەم خێزانەکەیدا وەك بوودەڵەیەك خۆی ببینێتەوە!!. . تانەی ئەو دەبێتە کارێکی ڕۆژانە!. . ئەی خەڵکی دێ؟. . دەبێ تاماوم چاو بەرەوژێر بم. . نا هەرگیز کاری وەها ڕوونادات!. . شەوگار هیچی وەهای نەماوە. . کە گەڕامەوە دێ، ئەم بەسەرهاتە بۆ

شێـخ و بۆ خەڵکی ئاوایی دەگێڕمەوە.. بۆ نەخشـین.. بۆ ئەو کوڕپەیەش کەوا بەرێوەو بەنیازین ئەم بەهارە چاوی هەڵبێنێ..»

* * *

ڕووناکـییـەکـەی لای سەراوردی گڵەزەردە وردە وردە کاڵ دەبوەوە.. لە بەرامبەریشەوە، لەئاستی گوێژەو بەدیوی شارباژێڕدا ئاسۆ دەکرایەوە. هەستی کرد وا تاریك و ڕوونە.. ئەمەیش مزگێنیی خۆرکەوتنە!.

جوامێر، لچ و لیـوی لەوەدابـوو لەگۆ بکەون.. ئاو بە چاوو لووتیـدا دەهـاتـە خوار. پەنجـەکـانی قەسڕییـوون.. بۆی نە دەنووشتانەوە.. کەوتەوە جوولە.. لەگەڵ ئەو حاڵەشدا خەیاڵ بۆ دنیایەکی دیکەی دەبرد.. لەو دنیایەدا، بەسەر پشتی ماینەکوێتەوە بوو.. لەگەڵ سەدان سواری وەك خۆیدا ئاگریان لە قەڵەمبازیان دەدا بەرەو خێوەتگایەکی دی.. دەنگی تەپڵی سواری.. تاوێ لەو جیهانە شێنەدا مایەوە، پاشان لەگەڵ خۆیدا کەوتە گفت وگۆ:

«دەبوایە من بەکاکی ئەفسەر بڵێم: لەپشت حەوت دەریاوە بۆچی هاتـووی بۆ ئێرە؟!. دەفەرموو چۆن هاتووی ئاوایش بگەڕێرەوە، هیـچ پێـویستیـمان بەتـۆ نییـە.. کەچی ئەو داوای ئاوو تەمەن و ئاونیشانم لێدەکات!. منی ماڵخۆ بوومەتە دەسبەسەری پیانی!»

هورووژمی ڕەشەبای سارد شاڵاوی هێنا.. گیانی دەرزی ئاژن کرد.. هێنایەوە بۆ سەربازگەکە.. لەپاسەوانی ناو کوخەکەی پرسی:

- ئەرێ کاکی سەرباز چەندی ماوە خۆر بکەوێ؟

- خۆر هەڵنایە!

- خۆر هەڵنـایـە؟!.. خۆ ئەمـەیان نەبەدەست کاکی ئەفسەرەو نە بەدەست بەریتانیای گەورە.

- نەء.. خۆر هەڵنایە.. ڕەقیش دەبیتەوە!.

- ئەو ئاگرەش ترووسکایی نەمێنێ، هێشتا هەر ڕەق نابمەوە.. چونکە دەزانم دوای ئەو خۆر هەڵدێ.

- کام ئاگرە؟!.. کوا ئاگر کراوەتەوە؟

- تۆ هەستت پێنەکردووە. بەڵام ئەگەر لەچاوی منەوە سەیرت دەکرد ئەوسا دەتزانی!

- ئاخر ئاگر کردنەوە قەدەغەیە!. ئەفسەر پێبزانێ منیش بەند دەکات!

- خۆ تۆ ئاگرت نەکردۆتەوە!.. ئەوەندە هەیە ئێمە لە دوو جیهانی جیاوازدا دەژین و لێك ناگەین!

جوامێر، کەوتەوە دەست لێك خشاندن و هاتوچۆ.. دوای تاوێ سەری هەڵبڕیو بەدەنگی بەرز وتی:

- سەرنجی گوێژە بدە.. ئەوا خۆرکەوت!

هەر بەڕاستی وەهابوو.. خۆر تاجی زێڕینی لەسەر چیای گوێژە نا.. کابـرای پاسەوان وەك پێشـتر هەڵـهاتنی خۆری نەدیبێ، بە سەرسوورمانەوە بۆ تەوقە سەری گوێژەی ڕوانی.. گزنگ بەرەو ڕوویان بۆوە. سەربازەکە ڕووی لێ وەرگێڕاو بە بێزارییەوە وتی:

- بەداخەوە!

- بۆ بەداخەوە؟!.. پێت ناخۆشە خۆر هەڵبێ؟!

- سەرم لەتۆ سووڕماوە!.. حەوت ڕۆحت هەیە!

بەرەوڕووی هات کلیـلی لەگـیرفـانی دەرهێنـا، کەلـەبچـەی پێکردەوە.. پاشـەوپاش گێڕایـەوە.. جل وبـەرگـەکانی کە لەناو مشکییەکەیدا شەتەك درابوون هەڵیدایە پێشی.. ئەمیش وردە وردە کردینە بەر.

پاسەوانەکە لێی کەوتە ترسەوە چەپ و ڕاستی لێگرت، ڕووی تفەنگەکەی تێکردو پێی وت:

- تۆ ئێستا ئازادی.. وڵاخەکەشت ئامادەیە!

جوامێر، بە شێنەیی.. وەك کەسێ ئارەزووی دیداری ئاشنایەکی بکات پێی وت:

- حەزم دەکرد کاکی ئەفسەر ببینم!

پاسەوان هێندەی دیکە ترسی لێنیشت.. وەك پشیلەیەك خۆی بۆ شاڵاو بردن ئامادە بکات، کرژ بوو.. پەنجەیشی لەبەر کاردا بوو.. بەشپرزەییەوە پرسی:

- کاکی ئەفسەر ئێستا نوستووە.. بۆ چیتە؟!

بەڵام جوامێر، بەهێمنی وەڵامی دایەوە:

- نوستووە؟.. باشە کە خەبەری بۆوە با لە زمانی منەوە بە بەریتانیای گەورە رابگـەیێنێ. بڵێ جوامێر دەیگوت: هەتا ئەو ئاگرە بەچیاوە بمێنێ من ڕەق نابمەوە.

حوزەیران/ ١٩٨٧